# هەفتەی مەنسور حکمەت لە ئۆسلۆ

## "مەسەلەی ژن لە لە جیهانبیی مەنسور حکمەتدا"

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و دۆستانی حزب و مەنسور حکمەت، ڕۆژی 24.06.2007 کۆڕێک بۆ ناسک ئەحمەد ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ژێر ناونیشانی "مەسەلەی ژن لە لە جیهانبیی مەنسور حکمەتدا" سازکرا.
ناسک ئەحمەد لە باسەکەیدا هاتە سەر جێگەو ڕێگای ژن لە جیهانبینی مەنسور حکمەتدا، و ووتی ژن لە جیهانبینی ئەودا فرقە و گرووپێکی زوڵملێکراو نین کە ئەبێ بە هانایانەو بچین، بەڵکو لای ئەو ژن بەشێکی دانەبڕوای ئۆردووی بەشەریەتن کە لە قامەتی ڕابەری کۆمەڵگا و فەیلەسوف و تێکۆشەر و پسپۆڕ و ... هتد دا دەرئەکەون. ئەمە و باسی لە بەدەستەوەگرتنی میتۆدی حکمەت لە بەرەو پێشبوونی خەباتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان کرد و لە چەندین جێگەدا بڕگەی لە ووتەکانی ئەو هێنایەوە وەک لە باسەکانی سەبارەت بە لەباربردنی کۆرپە و دنیایەکی باشتر...
وە بڕگەی دووهەمی کۆڕەکە تەرخان کرا بۆ پرسیار و گفتو گۆی ئامادەبووان لەگەڵ ناسک ئەحمەد دا. هەروەها لەم بڕگەیەدا هەندێ لە هاوڕێیان باسیان لە جێگە و ڕێگەی بەرجەستە و پێشڕەوانەی مەنسور حکمەت لە خەبات و ژیانیاندا کرد.

بە دوای کۆڕەکەدا کۆبوونەوەیەک بە سەرپەرشتی ناسک ئەحمەد و بەهار مونزیر و جمال محسن سازدرا سەبارەت بە پرسی ڕەشەکوژی ژنان و چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی و ڕێکخستنی ناڕەزایەتیەکان لەبەرامبەریدا. لەمبارەیەوە ناسک باسی لە پێکهێنانی ڕێکخراوێک لە دژی ڕەشەکوژی ژنان و لێدانی سەنگەرێکی مەحەکی یەکسانیخوازی کرد و پلاتفۆرمی خۆی لەمبارەیەوە خستە ڕوو. لەو پەیوەندەوە ئامادەبووان بە گەرم و گوڕی بەشداریان کرد و سەرنج و پێشنیاری جدیان لەپەیوەند بە پلاتفۆرمەکەوە دا و ژمارەیەکی زۆر ئامادەییان دەربڕی بۆ دەستبەکاربوون بۆ دامەزراندنی خێرای ئەو ڕێکخراوەیە.

**کۆمیتەی نەرویجی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

26.06.2007











